دکتور سالح ئیبراهیمی



## سوورەی قاریعە

**سوورەی قاریعە: دڵەکوتە لە مەککە هاتۆتە خوارێ و بە (بسم‌الله)وە ١١ ئایەتە**

بە ناوی خوای بەخشەر و دڵاوێن.

ئەو ڕووداوە کوتێنەرە (قاریعە ناوێکە لە ناوەکانی قیامەت) ﴿١﴾ چ ڕووداوێکی کوتێنەرە ﴿٢﴾ تۆ چووزانی ڕووداوی کوتێنەر چییە ﴿٣﴾ ڕۆژێکە خەڵک هەروەکوو پەپوولە پرش‌وبڵاو ئەبن ﴿٤﴾ کێوەکان هەروەکوو خوری ڕەنگاوڕەنگی هەلاجی کراو ئەبن ﴿٥﴾ جا (لەو ڕۆژەدا) کەسێ کە تای تەرازووی کردەوەی قورسە ﴿٦﴾ جا لە نیو ژیانێکی ڕازیدایە ﴿٧﴾ بەڵام ئەوەی کە تای تەرازووی کردەوەی سووک بێ ﴿٨﴾ جا جێگەی دۆژەهە ﴿٩﴾ تۆ چوزانی دۆژەهـ چییە ﴿١٠﴾ ئاگرێکی بەنێڵە و فرە بەتەوژم و سووتێنەرە ﴿١١﴾

## سوورەی تەکاسور

**سوورەی تەکاسور: فرەیی، لە مەککە هاتۆتە خوارێ و بە (بسم‌الله)وە ٨ ئایەتە**

بە ناوی خوای بەخشەر و دڵاوێن.

شانازیتان بە فرەیی (ماڵ و منداڵ) ئێوەی بە خۆیەوە خەریک کرد و لە خوا غافڵی کردن ﴿١﴾ تا ئەوەی کە چوونە زیارەتی قەبر (چوونە نێوی) ﴿٢﴾ وا نییە کە ئێوە بیری لێدەکەنەوە، فرەی پێناچێ دەزانن ﴿٣﴾ دیسان وا نییە کە بیری لێدەکەنەوە، فرە ناخایەنێ دەزانن ﴿٤﴾ وا نییە کە بیری لێدەکەنەوە، ئەگەر زانستی یەقینتان بە (ئاخیرەت) هەبوایێ، (بە دوای ئەو قسانەدا نەدەڕوێشتن) ﴿٥﴾ بێ‌گومان دۆژەهـ دەبینن ﴿٦﴾ لە پاشان (بە چوونە نێوی) بە چاوی یەقین دەیبینن ﴿٧﴾ لە پاشان لەو ڕۆژەدا لەبابەت ئەو ناز و خۆشی و نیعمەتانەی کە هەتانبووە، پرسیارتان لێدەکرێ ﴿٨﴾



Dr. Saleh Ebrahimi